# بڵندگۆی مزگەوتەکان دابگرن

**سامان ئەحمەد**

ئینسان رۆژانە سێ ژەم نان دەخوات و بەشی زۆری تەمەنیشی بەهۆی گرانی و هەژاریەوە تێر بە سکی خۆی نان ناخوات، بەڵام ئیسلام بەبێ ئەوەی ئیجازەی لە خەڵك وەرگرتبێت رۆژانە لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە پێنج جار مێشکی کاس و پر دەکات . ئیتر پێت خۆش بێت یان نا ، لە کاتی خەودا بێت یان نا ، ئارەزووی هێمنی و بێ دەنگی بکەیت یان نا ، باوەرت پێی هەبێت یان نا ، منالاڵن لەخەو راچڵەکن و بترسن و پێی نارەحەت بن یان نا ، لە بڵنگۆی ( موکەبەرە ) بەرزی مزگەوتەکانەوە مەلاکان هاواری ( الله اکبر ) دەکەن و مانگانە مووچەی ئەم کارە وەردەگرن !

لە هەمووی نائینسانی و ناخۆشتر ئەوەیە کە لە هاویناندا خەڵك لە سەربان دەخەون بە تایبەتی منالاڵن لە دەنگی بانگی مزگەوتەکان رادەچڵەکێن و دەزریکێنن و بەدەم ترس و گریانەوە باوەش بە دایك و باوکیاندا دەکەن ، لەم دیمەنەدا چ دەسەلاّت و مەلایەك لە ژێر چ بیانوو و ناوێکدا دەتوانێ رەوا بوونی بانگی بڵندگۆی مزگەوتەکان بە خەڵك بسەلمێنێ ؟ زۆربەی ئەو مالاّنەی نزیك مزگەوتەکانە یا دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکان بەسەر ماڵەکانیاندا زاڵە هەمیشە نیگەرانی و نارەحەتییەکیان دەنگی بانگی ئەو مزگەوتانەیە کە لەگەڵ ژیانی مەدەنی ئەمرۆیاندا نایەتەوە .

ئەمرۆ سەردەمی ئەوە نی یە خەڵك بە دەنگی بەرزی بڵندگۆکان لە کاتی نوێژکردن ئاگادار بکرێنەوە ، ئەگەر مەبەست لە بانگی بڵندگۆکان بە ئاگاهێنانەوەی ئەو کەسانەیە کە نوێژ دەکەن ئەمرۆ خەڵك هەموو کاتەکانی خۆی دیاری کردووە و بە سەعات ئیشی خۆی دەبات بەرێوە و ئەو کەسانەش کە نوێژ دەکەن کاتی نوێژ دەزانن سەعاتی دەست و سەعاتی دیواری ماڵ و دوکان بەکاردەهێنن . ئەگەر مەبەستیش ئەوەیە بانگدان سوننەت و تەقلیدێکی ئیسلامە ئەوا دەبێ لایەنگرانی ئەم تەقلیدە ژیانی مەدەنی و هێمنی و پشوو و مەیل و ئارەزووی خەڵك پێشێل نەکەن و خەڵك نارەحەت و ئیزعاج نەکەن .

چی تر نابێ بانگی بڵندگۆی مزگەوتەکان خەڵك نارەحەت بکات و منالاّن بترسێنێت، دەنگی بانگی مزگەوتەکان نابێ لە سنووری پانتایی مزگەوتەکان تێپەرێت ، بانگ و ووتاری بڵندگۆی مزگەوتەکان پێچەوانەی ژیانی مەدەنی خەڵکە و دەبێ دابگیرێن .